


# خاڵای لەگەڵ ڕووەکەکان قسە دەکات


Ursula Nafula
Jesse Pietersen
Agri Afshin

kurdiska (sorani)
nivå 2



ئەمە خاڵایە. ئەو تەمەنی حەوتساڵە. وشەی خاڵای بە زمانی ئەو "لوبوکوسو" واتە: "کەسێکی باش."



خاڵای لە خەو هەڵدەستێ و لەگەڵ دارپڕتەقاڵەکە قسە دەکات:
“تکایە داری پرتەقاڵ باش گەورە بە و پڕتەقاڵی زۆری
پێگەییومان بدەیە.”



خاڵای بۆ قوتابخانە دەچێت. لە ڕێگادا لەگەڵ گژوگیاکان قسە دەکات: “تکایە گژوگیاکان، سەوزتر بن و وشك مەبن.”




خاڵای بە لای گوڵە خۆڕسکەکاندا تێدەپەڕێ: “تکایە گوڵەکان، هەمیشە خونچە بدەن بۆ ئەوەی من ئێوە لە قژم بدەم.”



له قوتابخانەش، خاڵای لەگەڵ دارەکەی ناوەڕاستی حەوەشەی قوتابخانەکەیان قسە دەکات: “تکایە دارەکە، لقی گەورە دروست بکە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەژێر سێبەرەکەتدا بخوێنینەوە.”



خاڵای لەگەڵ داریەرژینی قوتابخانەکەی قسە دەکات: "تکایە، زۆر گەورە بەو ڕێگە لە هاتنە ژوورەوەی کەسانی نەخوازراو بگرە."



کاتێک خاڵای لە قوتابخانە دێتەوە، سەردانی دارپڕتەقاڵەکە دەکات. خاڵای لێی دەپرسێ: "ئەرێ ئێستا پڕتەقاڵەکانت پێ گەییون؟"



خاڵای ئاهێك هەڵدەكێشێ و دەڵێ: هێشتاش پڕتەقاڵەكان هەر سەوزن. خاڵای دەڵێ: "دار پڕتەقاڵ، بەیانی یەكتر دەبینینەوە، لە وانەیە ئەوكات تۆ پڕتەقاڵێكی پێگەییوت هەبێ بۆ من!"

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## خاڵی لەگەڵ ڕووەکان قسە دەکات


Skriven av: Ursula Nafula
Illustrerad av: Jesse Pietersen
Översatt av: Agri Afshin


Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på månge språk som talas i Sverige.


Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.